# خوێنەری باش و
# نوسەری باش



**ڤلادیمێر نابۆکۆف**

بۆ فارسی: فەرزانە تاهیری

لە فارسییەوە: جەبار سابیر

دەتوانی ناونیشانگەلی وەك : (چۆن دەتوانی ببیە خوێنەرێکی باش)، یا: (میهرەبانی لەگەڵ نوسەران)، بکەیتە ناونیشانی لاوەکی باس وخواسی جۆراوجۆر لە بارەی نوسەرانی جۆراوجۆرەوە، لەبەرئەوەی من بەنیازم بە عەشق و وردەکاری عاشقانەو تێروتەسەلی، شەنوکەوی چەند شاکارێکی ئەوروپایی بکەم. سەد ساڵ لەمەوبەر، فلۆبێر لە نامەیەکدا بۆ مەعشوقەکەی، ئامها دەنوسێ: ئەگەر مرۆڤ لانیکەم چەند کتێبێکی بە باشی دەناسی، دەبووە لێکۆڵەرێکی چەندە ناسراو و دیار.

مرۆڤ دەبێت لە کاتی خوێندنەوەدا سەرنج بداتە وردەکاری و عاشقیان بێت. بە دڵنیاییەوە هیچ گرفتێك نییە، کە دوای ئەوەی گەردە (دیارە)کانی کتێب بە ئەوینەوە گردبکرێتەوە (مانگە)شەوی گشت وتنەکانیش بدەورشێتەوە. ئەگەر مرۆڤ بە گشتاندنێکی پێشوەخت دەست بە کارەکە بکات، بە هەڵە رێگەکەی بڕیوە و بەرلەوەی لە کتێبەکە تێبگات لێی دووردەکەوێتەوە. هیچ شتێك داهێزەرتر و لە هەمبەر نوسەر نائیسنافانەتر نییە لەوەی کەسێك بۆ نموونە خوێندنەوەی (مادام بۆڤاری) بەم وێناکردنە پێشتر رۆنراوە دەست پێبکات کە رۆمانێکە سەرومڕ هێرشە بۆ بۆرژوازی. دەبێت هەمیشە بیرمان بێت، بێگومان کاری هونەری خوڵقاندنی جیهانێکی نوێیە، کەواتە یەکەمین کارێك کە دەبێت بیکەین ئەمەیە ئەم جیهانە نوێیە بە هەرچی وردی زیاترە بخوێنینەوە، بە جۆرێك لێی نزیك بینەوە وەکبڵێی هەر ئێستا خوڵقێنراوە و هیچ پەیوەندی بەو جیهانانەی دیکەوە نییە، کە پێشتر ناسیومانە. کاتێك کە ئەم جیهانە نوێیەمان بە وردی خوێندەوە، ئەوسا، تەنها ئەوسایە کە دەتوانین شەنوکەوی پەیوەندی ئەو بکەین بە جیهانەکانی دیکەوە، بە هەوداکانی دیکەی دانایییەوە. پرسیارێکی دیکە، ئایا دەتوانی لە رۆمانێك زیانیاریگەلێك لە بارەی شوێنەکان و کاتەوە گردبکەینەوە؟ مەگەر کاری کردەیە کەسێك ئەوەندە کاڵفام بێت پێیوابێ دەتوانێ لەو کتێبانەی کە پڕفرۆش و سەرومڕن، کە کتێب فرۆشییەکان بە هەراوزەناوە ئەوانە وەك بەشێك لە رۆمانە مێژووییەکان پۆلێنبەندیدەکەن، شتێك لە بارەی رابردووەوە فێر بێت؟ ئەی راسپێری شاکارە ئەدەبییەکان چییە؟ ئایا دەتوانین متمانە بەو وێنانە



بکەین کە جین ئۆستن لە بەریتانیای سەردەمی موڵکداری بە بارۆنەکان و دیمەنەکانییەوە، پێشکەشیدەکات، لە کاتێکدا کە ئەو تەنها ئاشنای ژووری دانیشتنی قەشەیەك بوو؟ ئایا دەتوانین رۆمانی «ماڵی قانوون لێدراو»ی چارلز دیکنز، ئەم رۆمانە خەیاڵبزوێنە کە لە لەندەنی خەیاڵبزوێندا روودەدات، ناو بنێین پشکنینی لەندەنی سەدەیەك لەمەوبەر؟ بە دڵنیاییەوە ناتوانین. لە بارەی رۆمانە گەورەکانی دیکەیشەوە هەروایە. راستییەکە ئەمەیە رۆمانە گەورەکان چیرۆکی گەورەی پەرییانن.

کات، شوێن، رەنگی وەرز و جووڵەی ماسوولکەکان و زەینی هەموو ئەمانە لە چاوی نوسەرانی خاوەن بلیمەتی (تائەو جێیەی ئێمە دەرکی دەکەین و بەگومانی من دەرککردنەکەیشمان راستە) ئەو وێناکردنە سوننەتییە نییە کە بتوانی لە کتێبخانە گشتییەکان بە ئەمانەت وەریبگریت، کۆمەڵێکە لە غافڵگیرییە تایبەتەکان کە ئوستازانی هونەرمەند فێر بوون بە شێوازی تایبەتی خۆیان وەسفی بکەن. بۆ نوسەرانی لاوەکی ئەوەی دەمێنێتەوە رەنگ و جیلوە بەخشین بە شتانی ئاساییە: ئەم نوسەرانە هەرگیز خۆیان ماندوو ناکەن تا دووبارە جیهان رۆبنێنەوە، تەنها هەوڵدەدەن تا سنووری توانایان باشترینەکان لە کۆمەڵەیەکی دیاریکراو لە شتەکان، لە شێوازە دێرینەکانی چیرۆك و رۆمان دەربکێشن. ئەو پێکهاتە جۆراوجۆرەی

که ئەم نوسەرە لاوەکیانە دەتوانن لە ناخی سنوورە دیاریکراوەدا پێشکەشیبکەن، پێدەچێ بتوانێ بە شێوەیەکی شیاو و نابەردەوام زۆریش سەرگەرمکەر و باڵێکێش بێت، لەبەرئەوەی خوێنەرانی لاوەکیش حەز دەکەن فکر و بیروباوەڕی خۆیان لە جلوبەرگێکی گۆڕاوی دڵگیردا بناسنەوە. بەڵام نوسەری واقعی، مرۆڤێك کە ئەستێرەکان دەخاتەگەڕ و مرۆڤێك لە خەودا دروستدەکات و بە جۆشوخرۆشەوە خەریکی پەراسووی ئەم مرۆڤە خەوتووە دەبێت، هیچ بەهایەکی تایبەتی بوونی نییە: دەبێت خۆی ئەوانە خەڵق بکات. نوسین کارێکی بێهوودەیە ئەگەر سەرەتای کارەکە هونەری دیتنی جیهان، وەك چیرۆکێکی بەهێز، زوو نەیەتەوە بیر. ڕەنگە مادەی خاوی ئەم جیهانە بە هێندەی پێویست واقعی بێت (تا ئەو جێیەی بتوانی ناوی بنێی واقعی)، بەڵام هەرگیز وەك گشتێکی قبوڵکراو بوونی نییە: سەراپا پەرێشانییە و نوسەر بەم پەرێشانییە دەڵێ کە «ببە!» و بەمشێوەیە ڕێگە بە جیهان دەدات تا بکەوێتە جووڵە جووڵ و تێکەڵ بێت و ئەوسا دەبینین تاك تاکی ئەتۆمەکانی جیهان دووبارە پێکهاتۆتەوەو ئەم گۆڕانە تەنها بۆ بەشە رووکار و دیتراوەکانی سنووردار نەبووە. نوسەر یەکەمین کەسێکە کە نەخشەی جیهان دەکێشێت و ناو لە تاك تاکی شتەکانی سروشت دەنێت. میوەی دارەکانی جیهانی ئەو دەخورێن. دەتوانی ئەو بوونەوەرە خاڵخاڵییە کەوی بکەیت، کە لە بەردەم منەوە هەڵات. ناوی دەریاچەی نێو ئەو دارانە، دەریاچەی شیری، یا هونەرمەدانەتر بێڵم، دەریاچەی ئاوی سابوون دەبێت. ئەو تەمە شاخێکە، دەبێت ئەو شاخە دەستی بە سەردا بگیرێت. ئوستازی هونەرمەند لە دۆڵێکی بێ جادەوە سەردەکەوێت و لە لووتکەکەدا، لە سەر تیشەشاخەکەی، پێتوایە کێ دەبینێ؟ خوێنەری هەناسەسوار و خۆشحاڵ... لەوێ کتوپڕ یەکتری لە باوەش دەکەن و ئەگەر کتێبەکە تاهەتایە بمێنێتەوە، ئەوانیش تاهەتایە پەیوەندییان پێکەوە هەیە...

خوێنەری باش کەسێکە کە خەیاڵ، یادگەیەکی باش، فەرهەنگی وشە و کەمێك دەرکی هونەری هەبێت. هەر کاتێك دەرفەت بێتە پێش، ئەم دەرکە لە خۆیدا پەروەردە دەکات و پێشنیار بۆ ئەوانی دیکەیش دەکات ئەم کارە بکەن. بەڕێکەوت من وشەی خوێنەر زۆر ئاسان بەکاردەبەم. سەیرە بەڵام مرۆڤ ناتوانێ کتێب بخوێنێتەوە: تەنها دەتوانێ دیسان بیخوێنێتەوە. خوێنەرێکی باش، خوێنەرێکی گرنگ، خوێنەرێکی چالاك و داهێنەر دیسان خوێنەرەوەیەکە. پێتاندەڵێم کە بۆچی. کاتێك بۆ یەکەمین جار کتێبێك دەخوێنینەوە، ئەم پرۆسە دژوارەی جووڵەی چاو لە ڕاستەوە بۆ چەپ، دێڕ دوای دێڕ، پەڕە دوای پەڕە، ئەم کارە جەستەییە ئاڵۆزە لەگەڵ کتێب، هەر ئەم پرۆسەیە دەبێتە پەرژین بۆ دەرکی بابەتی کتێبەکە لە ماوەی کات و شوێن، لە نێوان ئێمە و پەسنی هونەرمەندانەدا. کاتێك سەیری تابلۆیەکی شێوەکاری دەکەین، تەنانەت ئەگەر وەك کتێب ڕەگەزی قووڵی و گۆڕانی لە خۆگرتبێت، ناچارنین بە شێوەیەکی تایبەت چاوەکانمان بجووڵێنین. لە ڕاستیدا ڕەگەزی کات لە هەمان پەیوەندی سەرەتاوە لەگەڵ تابلۆیەکدا پێناخاتە گۆڕەپانەکەوە. لە کاتی خوێندنەوەی کتێبێکدا دەبێت دەرفەتمان هەبێت تا پێی



ئاشنابین. هیچ ئەندامێكمان نییە لە لەشدا، تا بتوانێ دەرك بە هەموو وێنەكە بكات و هاوكات چێژ لە وردەكارییەكانی وەربگرێت، بەڵام كاتێك بۆ جاری دووەم، یا سێیەم، یا چوارەم جار كتێبێك دەخوێنینەوە، لە راستیدا هەمان ئەو كارەمان لەگەڵ كتێبەكە كردووە، كە لەگەڵ تابلۆكە دەیكەین. سەرباری ئەمەیش، باشترە چاو، ئەم شاكارە خێوئاسایەی تەواوكۆیی، لەگەڵ مێشك، كە دیسان دەستكەوتێكی خێوئاسایە، لێمان تێكنەچێت. كتێبێك، هەرچییەك بێت - بەر لە هەموو شتێك دەچێتە دووی زەین. زەین، مێشك، لە بەرزی ئەو ستوونە بڕبڕەیەی كە مێروولە دەكات، تاقە ئامرازێكە یا دەبێت تاقە ئامراز بێت، كە لە كاتی خوێندنەوەی كتێبدا بەكار دەبرێت.

ئێستا كە وایە، دەبێت شەنوكەوی ئەم بابەتە بكەین كە كاتێك خوێنەرێكی ڕووگرژ ڕووبەڕووی كتێبێكی دیار دەبێتەوە، زەین چۆن كار دەكات. بەر لە هەموو شتێك ڕووگرژییەكە نامێنێ و خوێنەر، خراپ یا باش، پێ دەنێتە گۆڕەپانەكەوە. هەوڵ بۆ دەستپێكردنی كتێبێك، بە تایبەت كاتێك كە كەسانێك پەسنی كتێبەكەیان كردووە كە خوێنەری گەنج لای خۆیەوە ئەوانە بە هیوا دەزانێ و بە جدی وەریان دەگرێت، زۆربەی جار هەوڵێكی قورسە، بەڵام هەر دەستپێكرا، پاداشتی فرە و زۆری بە دواوەیە، لەبەرئەوەی ئوستازی هونەرمەند بۆ خەڵقكردنی كتێبەكەی خەیاڵی خۆی خستۆتەكار. ئاسایی و ئینسافانە نییە بەكاربەری كتێبەكەیش خەیاڵی خۆی بەكاربەرێت.

خوێنەر لانیكەم دەتوانێ دوو جۆر خەیاڵی هەبێت، كەواتە وەرە با بزانین كام یەك لەم دووە بۆ خوێنەری كتێبێك گونجاوە. یەكەم: ئەو جۆرە خەیاڵە تاڕادەیەك هیچوپووچە كە چنگ لە سۆزی سادەگیر دەكات و ناوەڕۆكێكی تەواو تایبەتی هەیە. ئێمە بە توندی هەست بە كاتێكی تایبەت دەكەین لە كتێبەكەدا، لەبەرئەوەی ئێمە دەخاتەوە بیری ڕووداوێك كە بە سەر خۆمان یان كەسێك هاتووە كە دەمانناسی، یان بۆ نموونە خوێنەرێك ڕێزێكی زۆر لە كتێبێك دەگرێت، تەنها بەم هۆكارە كە وڵات، دیمەن، یان ئەو شێوە ژیانە زیندوو دەكاتەوە كە بە خەموخەفتەوە ئەو دەخاتەوە بیری ڕابردووی، یان ئەمەی كە خۆی دەخاتە بری كەسێتییەك لە كتێبەكەدا، كە ئەمەیان لە خراپترین ئەو كارانەیە كە خوێنەر دەتوانێ بیكات. ئەم جۆرە هیچ وپووچە ئەو جۆرە خەیاڵە نییە، كە من ئارەزوومەندبم بۆ خوێنەران.

كەواتە دەبێت خوێنەر سوود لە كام ئامرازی جێ متمانە وەربگرێت؟ لە ئامرازی خەیاڵی ناتایبەتی و جۆش وخرۆشی هونەرمەندانە. من پێموایە دەبێت پەیوەندییەكی هاوسەنگ و هونەرمەندانە لە نێوان زەینی خوێنەر و نوسەردا بەرقەرار و هەڵسەنگێنەر بێت. دەبێت تۆزێك مەودا بگرین و چێژ لەم مەوداگرتنە وەربگرین، چێژێكی زۆروزەوەند. هەڵبەتە مانەوە لە دەرەوەی بەستێنگەلێكی وەها كاری نەكردەیە. هەرشتێك شایەنی زەحمەتەكەی بێت تاڕادەیەك زەینییە. بۆ نموونە، ئێوە كە لەوێ دانیشتوون، ڕەنگە تەنها خەونێكی من بن. ڕەنگە منیش كابووسی ئێوە بم، بەڵام مەبەستی من ئەمە نییە، كە دەبێت خوێنەر بزانێ كەی و لە كوێ جڵەوی خەیاڵی بكات و دەبێت ئەم كارە بە هەوڵێك بۆ ناسینی وردی جیهانێك تایبەت بكات كە نوسەر خستوێتییە بەردەستی. دەبێت شتەكان ببینین و ببیستین، دەبێت ژوورەكان، جلوبەرگەكان، جووڵە و ڕەفتاری كەسێتییەكانی نوسەر وێنا بكەین. ڕەنگی چاو(فنی پاریس) لە ڕۆمانی (مەنسفێڵد پارك) و كەلوپەلی ژوورە چكۆلە و ساردەكەی ئەو گرنگە. هەموومان خوڵقوخووی جیاوازمان هەیە و دەتوانم هەر ئێستا پێتانبڵێم باشترین خوڵقوخوویەك بۆ خوێنەرێك، پێكهاتەی خوڵقوخووی هونەرمەندانەیە لەگەڵ خوڵقوخووی زانستی، ئەگەر خوڵقوخوویەكی وەها بوونی نییە، دەبێت لە خۆتدا دروستی بكەیت. هونەرمەندی تامەزرۆ، خۆی لە بەردەم ڕوانینێكی زۆر زەینیدایە لگۆڕ كارەكەی، بەڵام ئەگەر كەسێك كە بڕیارە ببێتە خوێنەر، تەواو جۆشوخرۆش و سەبر و تەحەمولی لە دەستدابێت - جۆشوخرۆشی هونەرمەندێك و سەبر و تەحەمولی دانایەك - دوورە چێژ لە ئەدەبیاتی باش وەربگرێت.

ئەدەبیات لەو ڕۆژەدا لە دایكنەبوو كە كوڕێكی چكۆلە هاواری دەكرد گورگ، گورگ، لە دۆڵی نیاندەرتاڵەوە فرتەی كردە دەرێ و گورگێكی خۆڵەمێشیش شوێنی كەوتبوو: ئەدەبیات ئەو ڕۆژە لە دایكبوو كە كوڕە چكۆلەكە هاواری كرد: گورگ

هات، گورگ هات و هیچ گورگێکیشی لە دواوە نەبوو. ئەم بابەتەی کە دواجار کوڕە نەگبەتەکە لەبەرئەوەی زۆر درۆی دەکرد، بووە خۆراکی ئاژەڵە کێوییە راستەقینەکە، تەواو رێکەوتە، بەڵام خاڵی گرنگ ئالێرەدا. لە نێوان ئەو گورگەی سەوزەڵانییەکە و ئەو گورگەی ناو چیرۆکەکەدا پەیوەندییەکی کاڵ هەیە. ئەو هێڵی پەیوەندییە، ئەو ئاوێزەی رەنگە، هونەری ئەدەبیاتە.

ئەدەبیات واتە داهێنان، رۆمانیش واتە رۆمان. ئەگەر رۆمانێك ناوبنێین رۆمانی راستەقینە، هەم سووکایەتیمان بە هونەر کردووە، هەم بە واقعیەت. هەموو نوسەرێکی گەورە خەڵەتێنەرێکی گەورەیە، بەڵام ئەم ساختەکارە مەزنە، واتە سروشتیش وایە. سروشت هەمیشە دەخەڵەتێنێ. لەم نموونە سادەیەی خەڵەتاندنەوە بیگرە تا وەهی مەزن و ئاڵۆزی رەنگە پارێزەرەکانی باڵی پەپولەکان یا پەڕی باڵندەکان، لە سروشتدا سیستمێکی زۆر باڵا لە ئەفسوون و خەڵەتاندن هەیە. رۆماننوس تەنها پێ لە سەر شوێن پێی سروشت دادەنێ.

با دیسان بچینەوە دووی گەنجە توکنەکەی مەملەکەتی دارستان کە هاواری گورگ، گورگ دەکات، دەتوانین بڵێین جادووی هونەر لە سێبەری ئەو گورگەدا بوو کە بێگومان ئەو خەڵقی کردبوو. خەونی گورگەکەی ئەو ، پاشان چیرۆکی فێڵ و کەڵەکەکانی ئەو، چیرۆکێکی زۆرباش دەرچوو. کاتێکیش کە مرد ئەو چیرۆکەی لە بارەیەوە دەیانگێڕایەوە، لە تاریکایی چواردەوری ئاگردا گۆڕا بە وانەیەکی باش. بەڵام ئەو جادوگەرێکی چکۆلە بوو. خالق بوو.

دەتوانی لە سێ گۆشەنیگاوە نوسەر هەڵسەنگێنی: دەتوانی ئەو بە چیرۆك گێڕەرەوەیەك، موچیارێك و ئەفسوونگەرێك بزانی. نوسەرێکی گەورە پێکهاتەیەکە لەم سێیە – چیرۆك گێڕەرەوە، موچیا، ئەفسوونگەر – بەڵام ئەفسوونگەرێك لە ناخی ئەو دایە کە زاڵ دەبێت و ئەو دەگۆڕێك بۆ نوسەرێکی گرنگ.

ئێمە بۆ خۆ خافڵاندن، بۆ سادەترین جۆری وروژانی زەینی، بۆ پشکداربوونی سۆزداری، بۆ چێژی گەشت لە دەڤەرێکی دوورەدەست لە کات یان لە شوێندا، دەچینە دووی چیرۆك گێڕەوە. زەینێك کە هەندێك جیاوازە و لە راستیشدا لەئاستێکی بەرزتردا نییە، ئەگەر خوێنەرێك لە نوسەردا بەشوێن موچیاردا بگەڕێ، ئەوەی بە دوای ئەودا دێت بانگەشەکارە، موفتی رەوشت و پەیامهێنەرە. ئەشێ وێڕای فێرکاری رەوشتی بۆ داناییەکی راستەوخۆ و واقعیاتی سادەیش بچینە دووی مامۆستا. بە داخەوە خەڵکانێکم بینیوە، کە مەبەستیان لە خوێندنەوەی کارەکانی رۆماننوسە فەڕەنسی و روسییەکان، زانیاری دەستکەوتن لە ژیان لە پاریسی مەست یا روسیای غەمزەدەیە و لە کۆتاییدا و گرنگتر لە هەمووی ئەوەیە نوسەرێکی گەورە هەمیشە ئەفسونگەرێکی گەورەیە و لێرەدایە کە لە راستیدا دەگەینە ئۆخژن بزوێنترین بەشی کارەکە، واتە کاتێك کە هەوڵدەدەین دەرك بە جادووی تاکی ئەم بلیمەتە بکەین و شێواز، وێنەسازی و گەڵاڵەی رۆمان، یان چیرۆکەکەی ئەو هەڵسەنگێنین، دەگەینە ئەفسانەی ئەفسوونگەر.

ئەم سێ لایەنەی نوسەرێکی گەورە – جادوو، چیرۆك، وانە – دەتوانن پێکبێن و جیلوەیەکی یەکانەی دەروشانەوەی تایبەت و یەکگرتوو رۆبنێن. رەنگە جادووی هونەر لە هەمان ئێسکی چیرۆك، لە مۆخی ئێسکی چیرۆکەکەدا ئامادە بێت. شاکارگەلێك هەن، کە تێفکرینێکی وشك، روون و رێکخراویان هەیە و لەرزەیەکی هونەرمەندانە لە ئێمەدا دەوروژێنن.

بە بۆچوونی من، بنەمای باش بۆ تاقیکردنەوەی چۆنێتی رۆمانێك، لە ماوە درێژدا، پێکهاتەی ورد و شعوری زانایانە و هەستی دیاری هونەرییە. بۆ چێژ وەرگرتن لەو جادووە، خوێندنەوەی ئاوەزمەندانەی کتێبی بلیمەتێك نەك بە دڵی و هەروابێتەوە نەك زۆریش بە مێشکی، بەڵکو بە بڕبڕەی پشتی دەخوێنێتەوە. لەوێدایە، کە ئەو مێروولە کردنە، چما رووددات، گەرچی لە کاتی خوێندنەوەدا دەبێت تۆزێك مەودا بگرین، تۆزێك دووربکەوینەوە، پاشان بە چێژێك کە هەم هەستییە و هەم ئاوەزی، سەیری هونەرمەند بکەین، کە قەڵا موقەباییەکەی دروستدەکات و سەیردەکەین قەڵا موقەباییەکەی ئەو دەگۆڕێت بە قەڵایەکی جوان لە پۆڵاو شووشە.

**سەرچاوە:**

http://dibache.com/text.asp?cat=47&id=3112

